# کورد، جوگرافیا و دیمۆگرافیا

زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی رۆژ هەڵاتی ناوین دەژین گریمان دەکەن ناوچەکە: خەڵک و کەلتوور و زمانەکەی عەرەبیە. گەورەترین ئەتنیک عەرەبە کە ٣٠٠ ملیۆن کەسە، پاش ئەوە ئەتنیکی تورکی دێت کە ٥٠ ملیۆن کەسە و پاش ئەوان فارسییەکان دێت کە ٤٠ ملیۆن کەسن. چوارەمین گەورەترین ئەتنیک نەتەوەی کوردە کە نزیکەی نیوەی کورد لە رۆژ هەڵاتی تورکیا دەژین، هەرچەندە هەندێ تورک ئینکاری لەمە دەکەن و دەڵێن ئەمانە لە راستیدا کورد نین بەڵکو "تورکی شاخین"، یان تورکن بەڵام رێیان لێ تێکچووە و هەست دەکەن کە کوردن! ژمارەی دروست بەتەواوەتی نیە لەسەر ئەم هەموو گرووپانە. بەڵام ئاشکرایە کە هەموو ئەم گروپانە دەوڵەتی خۆیان هەیە تەنها کورد نەبێت، کە گەورەترین کۆمەڵگای ئەتنیکیە لە رۆژهەڵاتی ناوین (و رەنگە لە جیهاندا) هەرێمێکی سەربەخۆیان نەبێت. عەرەب ٢٢ دەوڵەتی هەیە کە دەکاتە دەوڵەتێک بۆ هەر ١٢ ملیۆن دانیشتوو.

بەڵام خەریکە هەندێک نموونەی دیموگرافی دێتە پێشەوە کە وا دیارە بەرە بەرە رۆژ هەڵاتی ناوین دەگۆرێت بەڵام بەشێوەیەکی هەتا هەتایی. لە هەموو ئەم گرووپانە، وا دیارە کوردەکان بەرزترین رادەی گەشە کردنی ژمارەی دانیشتووانی هەیە. دیسانەوە دەڵێم ژمارەکان تەقریبین ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی کۆکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە بەرژەوەندی ئەو رژێمانە نەبوون کە ئینکاری لە هەبوونی کورد دەکات. بەڵام راستەقینەی دیموگرافی ئینکاری لێ ناکرێت. ئەو ١٠ ملیۆن یان زیاتر کوردە کە لە تورکیان ئەمانە تورکی سەر لێشێواو نین. ئەمانە نەتەوەیەکن کە لە گەشەکردنی دانیشتوانی رۆژ هەڵاتی ناویندا زۆر خێزان. یەکێک لە توێژینەوەکان دەڵێت ئەگەر ئەم نموونەیە بەردەوام بێت لە چەند دەها ساڵی داهاتوودا، تورکیا لە ٢٠٥٠ کوردی زیاتر لێ دەبێت لە تورک. رەنگە دە یان بیست ساڵی دیکە پاش ٢٠٥٠ کورد لە عەرەب زیاتر بێت لە ئێراقی ئیستادا. بێ گومان عەرەب، کورد، فارس، تورک گروپی ئەتنیکی هۆمۆجینن، بەڵام بە گشتی گۆڕانکاریەکی گرنگ دەبێت لە دانیشتوانی ناوچەکە.

ئەم گۆڕانکاریە دیموگرافیانە ئەنجامی گەورەی دەبێت. ئەگەر کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆ بوایە، رادەی دانیشتوانی دەیکردە گەورەتر لە ٤ لەسەر پێنجی وڵاتانی رۆژ هەڵاتی ناویندا. قەبارەی جیوگرافی نزیک دەبوو لەوەی فەرەنسا (یان ویلایەتی تێکساسی ئەمەریکی). رادەی گەشە کردنی دانیشتوانی کورد بەرە بەرە کەمتر دەبوو، بەڵام پاش ئەوەی ئێران و توکیا. راستەقینەی دیموگرافی هەتا هەتا پشت گوێ ناخرێت. ژمارە گرنگە، بەڵام دەکرێت ناکۆکی ئەتنیکی دوور بخرێتەوە بە هاتنە تێگەیشتن کە کوردستانێکی سەربەخۆی دیموکراسی و دەوڵەمەند دەکرێ ببێتە هاوبەشێکی وڵاتی دۆست لە ناوچەکە. ئەڵتەرناتیڤە خراپەکە ئەوەیە کە ئینکاری لە راستەقینە بکرێت، بەڵام بەم کردارە پەشێوی و نا سەقامگیری زیاد دەکات، ئەمەش شتێکە کە بە داخەوە دانیشتوانی رۆژ هەڵاتی ناوین باش لێی شارەزان.



**پرۆفیسۆر مارتن سلان**

**پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و بەرپوەبەری بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لە زانکۆی مایکۆن ستایت لە ویلایەتی جۆرجیای ویلایەتە یەکگرتووەکان**

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**